www.kurdistannet.org
26-1-2006 23:47 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دکتۆر کەمال بوو بە پەند ... مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی

aram_mmmm@yahoo. com

کەمپینی کوردستان یونایتد لە ژووری پاڵتاك، گفتۆگۆیەکی لەگەڵ دکتۆر کەمالی سەید قادر سازدا لە ژوورەکەی خۆی لە ئاسایشی هەولێر، من زۆر بەووردی گوێم لە وەڵام و پرسیارەکان گرت کە شایەنی ئەوەن لەسەریان بنووسرێت.
لەو حیوارە کاتژمێرو چوار دەقیقەیە زۆر شتمان دەسکەوت، گرنگترینیان دکتۆر کەمال ئەو پاڵەوانە بزێو و چاونەترسە نەبوو کە کوردستان پۆست بۆی خولقاندبوو تەنانەت کە مانیشی گرتبوو بۆ مردن نەبوو بەڵکو بۆ ئەوە بووە کە بزانێت چارەنووسی چۆن دەبێت؟ لە برگەیەکی تریشی قسەکانی بەشەرمەوە باسی لە خوانەکا مردنی خۆی کرد.
کوردستان پۆست کە ببوە ووتەبێژی ڕەسمی گرتنی دکتۆر کەمال حەقە ئێستا زۆر شەرمنانە سایتەکە بەڕوووی هەر نووسینێك دەربارەی کەمال ئاغا ڕەت بکاتەوە، چونکە دکتۆر کەمالیش هەستی بەوە کردبوو کە کوردستان پۆست بۆ مەرامێکی سیاسی کێشەکەی ئەوی قۆستبۆوە ئەگەرنا لەماوەی ئەو کاتژمێرە بۆ یەك جاریش ناوی کوردستان پۆستی نەهێنا.
ئەو نووسینەی مامۆستا حەمەسەعید بەناوی ( (هاکا کەمال سەید قادر ئازاد دەکرێت) لە کوردستان نێتی بلاو کردبۆوە، دکتۆر کەمال بەتەواوی پشت ڕاستی کردەوەو ڕاستگۆیی مامۆستای سەلماند، بۆیە ئەوانەی حەمەسەعید بە درۆزن لە قەڵەم دەدەن حەقە گوی لەو گفتوگۆیە بگرن.
ئێستا ئینسان دەکاری بڵێ ئاسایشی هەولێر خەڵکانێکی ڕۆشنبیرو دیموکراتخوازی لی هەن، دەنا زۆر دەگمەن وا ڕوودەدات تاوانبارێك لە نێو ژووری ئاسایشی وڵاتێکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئازادانەو بی فشارختنەسەر لەگەڵ ماڵپەرێگی ئەنتەرنێت، ڕۆژنامەنووسیی ئەمەریکی، نێردراوی قونسوڵخانەی وڵاتێکی ئەورووپی قسەبکات.
ئەوانەی کار لەسەر ناوەڕۆکی نووسینە جنێونامەکانی دکتۆرکەمال دەکەن و تانەی پی لەدەسەلاتی پارتی دەگرن، شەرمەزاریەکی مێژوویی دایگرتن، کاتێك بۆ چەند بارە کەمالی سەید قادر داوای لێبووردنی لەو کەسانە کرد کە بەتۆمەت ناوی هێناون بۆچەند جاریش پەنجەی پەشیمانی گەست لەو نووسینانەی کە دوورن لەڕاستی.
دەسەلاتی دادوەریی کە لە کوردستان سەربەخۆیەو بۆ کەس نییە دەستی تێوەربدات (بەشاهیدی دکتۆر کەمالیش کە لەو دیدارە دانی پیانا) لەوانەیە تووشی هەڵەی لەو جۆرە ببێت، کە ئەو حاڵەتە زۆر ئاساییە و دادگای باڵاتر هەن بۆ پێداچوونەوەیان، من کە لەنووسینێکم بەناوی ( (بڕوابکەن دکتۆر کەمال دەبەخشرێت) ) لە کوردستان نێت لە 12/19 ساڵی پاردا بلاوکردەوە و پێشبینی سووکتر کردنی حوکمەکەم کردبوو، لە سۆنگەی تەماشاکردنێکی یاساییانە بوو، کەچی برادەرێك لە کەنەدای وڵاتی دیموکرات ئیمەیلێکی بۆ ناردبووم و بەوە تۆمەتباری کردم کە من زورناڵیدەری دەسەلاتی پارتیم.
ئێستا دوای ئازادکردنی دکتۆر کەمال یەکەمین شت کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەربکەین و بەدواداچوونی بۆ بکەین دکتۆرایەکەیەتی چونکە بەپێی زانیاری من تا ئەو لەحزەیە بڕوانامەی دکتۆراکەی بۆ زانکۆی سەلاحەدین نەهێناوە.